OCHA

# قەیرانی ئاوارەکانی عێراق
ڕاپۆرتی بارودۆخ ژمارە ١٥ (٤ ئۆکتۆبەر –١٠ی ئۆکتۆبەر)

ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن نووسینگەی ڕێکخەری کاروباری مرۆیی لە عێراق بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوکارانی مرۆیی ئامادەکراوە. ماوەی ٤ی ئۆکتۆبەر هەتا ١٠ی ئۆکتۆبەر لە خۆدەگرێت. لەبەر گۆڕانی هەرەمەکی بارودۆخەکە ئەگەر هەیە کە ژمارەکان و شوێنەکان کە بە لیستێك لەو ڕاپۆرتە دانراون چیتر دەقیق نابێت. ڕاپۆرتی داهاتوو لە دەوروبەری ١٧ی ئۆکتۆبەر دا بڵاودەبێتەوە.

## هەواڵە سەرەکیەکان




- دەست بەسەرداگرتنی پارێزگای ئەنبار، شاری هیت لەلایەن چەکدارانی داعش بووە هۆی هەڵاتنی ٣١٠٠٠ خێزان لە شارۆچکە و ناوچەکانی دەوروبەر.
- دووبارە کردنەوەی دەرگای سنووری تورکیا و هەرێمی کوردستانی عێراق پێشبینی دەکرێت کەوا ببێتە هۆی لێشاوێکی ئاوارەکانی سوری کە لە کۆبانێوە دەگەن لە ڕۆژەکان و هەفتەکانی داهاتوو.
- دەست گەیشتنی مرۆیی لە زۆربەی بەشەکانی ڕۆژئاوا و ناوەڕاستی عێراق بە خراپی سنووردارکراوە.
- نووسینگە تایبەتەکان لە بەغدا و نەجەف دامەزراون بۆ دابین کردنی خزمەتگوزاری جێگرەوەی بەڵگەنامە بۆ ئاوارەکان کە ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ پارێزگاکانی خۆیان.

## تێروانینێکی بارودۆخەکە

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، عێراق هێرشی کرایە سەر بە شەپۆلێکی گەورەی ڕووبەرێکی بەرفراوانی ئاوارەبوون لەم ساڵەدا، لەدوای خەملاندنێکی ١٨٠٠٠٠ خەڵك کە دەکاتە (٣٠٠٠٠ خێزان) لە پارێزگای ئەنبار لە شاری هیت و قەزاکانی دەوروبەر هەڵاتن لەدوای کەوتنی شارەکە بە دەستی داعش و هاوکارانی داعش لە گرووپە چەککدارەکان. شەقامی خێرای هیت بۆ بەغدا خنکێنرابوو بەهۆی پیکابەکان هەروەك خێزانەکان لە شەڕوشۆڕەوە هەڵاتن و ماڵەکانیان بەجێهێشت و تەنها کەل و پەلە سەرەکیەکانی ناو ماڵیان لەگەڵ خۆیاندا برد. ڕاپۆرتەکان پێشنیاری ئەوە دەکەن کە لەسەدا ٧٥ی دانیشتووانی شارۆچکەی هیت (لە بنچینەدا بریتین لە ٣٠٠٠٠٠) ماڵەکانی خۆیان بەجێهێشت لەگەڵ تەنها ٥٠٠٠٠ خەڵك ماون. ئاوارەکانی شارۆچکەی هیت ڕیپۆرتکراون کەوا چوون بۆ پارێزگاکانی پایتەختی ڕومادی کە دەکاتە (١٠٠٠ خێزان)، خالیدیە (٢٠٠٠٠ خێزان)، حەجاج (٤٣٧ خێزان) و ئامریە ڕەهالیە (١٢٠٠ خێزان) لە نێوان ئاراستەکانی تر. ئەوان شوێنی نیشتەجێبوونیان وەرگرتووە لە باڵەخانە گشتیەکان، لەوانە لە قوتابخانەکان کە پێش وەختە لەلایەن شەپۆڵەکانی ئاوارەکان داگیرکرابوو، یان لەناو خودی کۆمەڵگا خانەخوێکان. هەروەها ڕاپۆرتەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە گرووپێکی تر کەسە ئاوارەکان کەوا هەڵدێن بەرەو باشور، بەرەو کەربەلا. هاوکاران ئاماژە بەوەدەکەن کە گرووپێکی ٣٠٠٠ خێزانی لەسەر ڕۆیشتن بوون بەرەو بەغدا وە دەستنیشانکراون لە باکوری کەربەلا. هەندێ لە ٥٠٠ خێزان گەیشتنە ناوچەی ئەبو غریب لەو شوێنەی کەوا حکومەت تۆماریان دەکات. ئەوەش ڕوون و ئاشکرا نیە لەم هەنگاوە ئەگەر ئەم گرووپە بنچینەکەیان لە شارۆچکەی هیت بێت. لەوکاتەی، ڕاپۆرتەکان کەوا هەندێ لە ئاوارەکانی هیت هەوڵ دەدەن بگەڕێنەوە بەرەو شوێنی زێدی خۆیان لە فەلوجە – ناوچەیەکی ململانێ ی چالاك – لە بەهێزکردنەوەی چاودێریەکان لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ پەنابەران لە دواهەمین ڕاگەیاندنی خێرای گەشەسەندنی شێوەی دووەمی ئاوارەبوونەکان، کەمکردنەوەی میکانیزمی خۆگونجاندنی خودی ئاوارەکان و درێژکردنەوەی زیاتری سەرچاوە سنووردارەکانی هاوکارانی مرۆیی. هەروەها ئاماژەکان هەن لەبارەی نیشتەجێکردنی

+ For more information, see “background on the crisis” at the end of the report

www.unocha.org
The mission of the United Nations Office for the Coordination of Humanitarian Affairs (OCHA) is to mobilize and coordinate effective and principled humanitarian action in partnership with national and international actors.
Coordination Saves Lives

ئاوارەکان لە مزگەوتەکانی کەربەلا داوایان لێکراوە کەوا شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان جێبێڵن پێش دەستپێکی ڤیستڤاڵە ئاینییەکان لە کۆتایی ئەم مانگە.

هاوکارانی مرۆیی جولە دەکەن بۆ دابین کردنی هاوکاری بۆ ئاوارە نوێکان لەوانە خۆراك بۆ ١٥٠٠٠ خێزان، دەرمانەکان و کەل و پەلە ناخۆراکیەکان، لەوانە بەتانیەکان، لە ڕۆژەکانی داهاتوودا. ئەمەش فشاری زیاتر دەخاتە سەر هاوکاری خۆراك و هی تر بۆ وولات.

لەوەتەی مانگی ١ی ٢٠١٤، و بە هێنانە دەرەوەی ڕووبەرێکی بەرفراوانی ئەم دوایەی ئاوارەبوونەکان لە شارۆچکەی هیت، ١،٨ ملیۆن خەڵك ئاوارەبوون لەسەرتاسەری عێراق. زیاتر لە ٨٥٠٠٠٠ خەڵك، یان لەسەدا ٤٩ی ئاوارەکانی عێراق، بەدوای پەناگە دەگەرێن لە هەرێمی کوردستانی عێراق. لە پێناسەیەکی ململانێ بەهۆی هێلە گەرمەکانی پێشەوە، ئەم هەفتەیەی بەم دوایەی ئاوارەبوونی بە کۆمەڵ لە هیت گەرەنتی نادات کە ئەمە بە پێویستی بزانێت تاوەکو لە کۆتایی بێت لەم ساڵە. بەرگریە نوێکراوەکان لە ئەنبار و ناوچەکانی تر لەوانەیە ببێتە هۆی ئاوارەبوونێکی تر. لە ئاستێکی بەرزدا لەم ساڵەدا هەندێ ئاوارەبوونی بەکۆمەڵ هەبوون لە ئەنبار لە مانگی ١، و زیاتریش لە مانگی حوزەیران، لە مانگی ئاب و ئێستا لە هیت لە مانگی ئۆکتۆبەر. بەڵام لەهەر ڕۆژێکی تردا، خێزانەکان لە جولەدان. لە نموونەیەکدا لە پارێزگای دیالە لەم هەفتەیە، نزیکەی ٣٠٠ خێزانی ئاوارە کە دەکاتە (١٨٠٠ کەس) بەهۆی شەڕوشۆڕەوە هەڵاتوون لە ئەلموقدادیە کە ڕاپۆرت کرابوون ڕێگریان لێکرابوو لەلایەن هێزەکانی ئاسایش لە خالێکی پشکنین لە نزیك خانەقین بەهۆی کەمی شوێنی حەوانەوە لە کەمپی ئاوارەکان.

سنوری هەرێمی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستانی عێراق کرایەوە، بووە هۆی لێشاوێکی ئاوارەکان لە شارۆچکەی کۆبانێ ی سوریا کە مەزەندە دەکرێت زیاتر لە ١٦٠٠ کەس تەنها لە دوو ڕۆژی ڕابردوودا هەڵاتوون. لە چەند هەفتەیەکی داهاتوودا، چەندین هەزار زیاتری ئاوارە پێشبینی دەکرێن کەوا بپەڕنەوە بۆ ناو هەرێمی کوردستانی عێراق. ئاژانسەکانی مرۆیی ئێستا دەتوانن خۆیان بگونجێنن لەگەڵ لێشاوەکە، بەڵام درێژدەبێتەوە لەگەڵ گەیشتنی زیاتری ئاوارەکان. ئەمەش فشارێکی زیاتر دەخاتە سەری هەروەها وەڵامدانەوەی ئاوارەکان بۆ مرۆییەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستان.

لەگەڵ پلەکانی قورسی سەرمای زستان و کەش و هەوای تەڕیش نزیکدەبنەوە، و پلەکانی کە زۆر دادەبەزن دەتوانێ بێتە خوارەوە بۆ -١٥ سلیزی، کاریگەری هەبوو لەسەر ناوچەیەکی بەرفراوان – لەو شوێنەی کە جەختکردنەوەی گەورەی ئاوارەکان – هەروەها مەترسیە دەستنیشانکراوەکانی ڕووچوونی زەوی، داواکاریەکانی ئاوارەکان بۆ چێشتلێنان و نەوتی خۆ گەرم کردنەوە، جل و بەرگی گەرم و شوێن نیشتەجێکانی کەش و هەوای لەبار و ژێرخانیش سەرهەڵدەدات. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ پەنابەران دەیخەملێنێت کەوا ١,٢٦ ملیۆن ئاوارە لە سەرتاسەری عێراق لە مەترسیدان لە کەش و هەوای زستانی کە دێت. تاوەکو سەقامگیر بێت و ئامادەکردنی دانیشتووانی کەمپەکە و ئاوارە زۆرترین زیان بەرکەوتووەکان لە جۆرەکانی تری شوێنی نیشتەجێبوون بۆ زستانی داهاتوو کە دەکاتە،٦٠٠٠٠٠ خەڵك لەسەرتاسەری عێراق پێویستیان بە هاوکاری وەرزی زستانەی بەپەلە هەیە.

دانیشتووانی ئاوارە کە لە کەمپەکان و شوێن نیشتەجێکانی نافەرمی و شوێنی نیشتەجێبوونی بچووك لە زۆرترین مەترسیدان. هەروەها مەترسی زیادبوونی دەرکردنی ئاوارەکان هەروەك پارەی کاش بۆ بەکرێ گرتن، کە بەیەکەوە لەگەڵ دووبارە کردنەوەی دەرگاکانی قوتابخانەکان کە ئێستا خزمەت دەکەن وەکو شوێن نیشتەجێکانی کۆکردنەوە خزمەت دەکەن. کاریگەریەکانی وەڵامدانەوەی شوێن نیشتەجێ ی ناڕێك کە زیادکردنێك دەدات بەدەستەوە لە نالەباری و تەندروستی خراپ و مردن و بەهۆی هەوکردنی کۆئەندامی هەناسە لە پلەکانی نزمی گەرما هەروەها کێشەکانی پاراستن. بە شێوەیەکی گشتی، ئاستەکانی زیان بەرکەوتووی بەرز، هاوکاری کەم، و زیادبوونی نرخەکانی کەل و پەلە پێویستەکان وەکو بەنزین کە پێشبینی دەکرێن ببنە هۆکاری زیادبوونی میکانیزمی خۆگونجاندنی نەرێنی لەوانە، ئستغلال کردن و قەرز و پارەی سەرفکراو بۆ قەرەبووکردنەوە بۆ کەمی ژیان و گوزەران و پێویستیە پڕنەکراوەکان.

نەبوونی یەك پۆشتەیی شوێن نیشتەجێکان داوای چارەسەریە دورودرێژەکان دەکەن بۆ وەرزی زستان لە دژی بارودۆخە قورسەکان. پێداویستیەکی سەرەکی وەرزی زستانە و کۆمەکی کەل و پەلی ناخۆراکی پێشنیار کراو لەلایەن گروپی نیشتەجێکردن و کەل و پەلی ناخۆراکی بۆ یەك خێزان لەوانە یەك مافور و شەش بەتانی سوف و یەك پارچەی پلاستیکی و حەبلێك و شەش فەرش. پێداویستی پێشنیارکراوی وەرزی زستانە بۆ ڕەشماڵەکان لەوانە یەك چینی ناوەوە بۆ ڕەشماڵێکی خێزانی لەگەڵ یەك دیواری بەرگری کەش و هەوا و دیوارەکان بۆ شوێن نیشتەجێبوونی ستاندارد، هەشت تەختەی پۆلیسترینی بۆ سەر زەوی و پێنج گەرمکەرەوە بۆ ڕەشماڵەکان و چەسپکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی بچووك. هاوکاری پلان بۆ دانراوی زیاتر بۆ هەر خێزانێك لەوانە هیتەرێك و گالۆن و بەنزین لە ڕێگای هاوکاری پارەی کاش.

پێداویستی وەرزی زستانەی پێشنیارکراوی کۆمەکی لەوانە شەش دەستە جل و بەرگ و پێڵاو بۆ هەردوو هەرزەکار و منداڵان. ڕێکخراوی یونیسێف ڕاپۆرتی کردووە کەوا کورتهێنانێکی گەلێك زۆر هەیە بۆ وەرزی زستان و کە زیاتر لە ٢٠٠٠٠٠ منداڵ پێدەچێت کەوا بەبێ جل و بەرگی ڕێك و پێکی زستانەن و پێڵاوی زستانەیان نیە. ١٦٨٠٠٠ دەستە جلی منداڵان، لەگەڵ جووت پێڵاو، دەستی کرد بەگەیشتن لە یەکەم ٢٠٠ بارهەڵگر لەم هەفتەیە بۆ منداڵانی کە تەمەنیان لە نێوان ٣ مانگ تاوەکو ١٤ساڵ. کۆمەك بەخشینەکی زیاتر کە ٢٠٠٠٠ جووت پێڵاو بۆ منداڵان کە تەمەنیان لە نێوان ٣ تا ١٤ ساڵی گرتۆتە ئەستۆ. هەرچەندە، ئەو پێڵاوانە، کە لەپێشوەختە پێشەنگن لە دروستکردن و گەیاندنیان، ئەوانە تەنها پێشبینی دەکرێن کەوا بگەن لە کۆتایی مانگی شوباتی ٢٠١٥. هەروەها کەمی هەیە لە جل و بەرگی زستانەی هەرزەکاران، بەتایبەتی بۆ ئافرەتانی دووگیان. ئەو ڕێسا و یاسایە سنوردارەی کە لەبەر دەست دایە لە دژی جل و بەرگی لەنگە، باشترین جێگرەوە بۆ وەڵامدانەوەیەکی کاتی بینراوە وەکو هاوکاری پارەی کاش.

کۆمەڵگای نێودەوڵەتی داندەنێت بەوەی کە بەشێوەیەکی خراپ خۆی ئامادەکردووە بۆ گۆڕانی بارودۆخەکانی کەش و هەوا لە ڕێگەی تێکەڵێك لە بارودۆخەکان، لەوانە کەمی پاڵپشتی دارایی. لە نێوان ئەو هەڵبژاردانەی کە لەبەرچاوگیراون لەلایەن هاوکارانی مرۆییەوە بریتی یە لە هاوکاری پارەی کاشی ڕاستەوخۆ، لەگەڵ٥٠٠ $ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی کۆمەك بەخشین لەلایەن مەملەکەتی عەرەبی سعودی. پارێزگاری بۆ حکومەتی عێراق بۆ دڵنیاکردنەوەی کە کۆمەکیەکانی کیرۆسین بەردەوامە، بۆ تێبینبی کردن، هەرچەندە، بەرهەمهێنانی نەوتی وولات زیانی بەرنەکەوتووە بەهۆی ململانێیەکە، ئەو توانایەی پاڵاوتنی کە هەیەتی. بودجەی مرۆیی کە لەبەردەست دایە تەنها ڕێگە دەدات بە دابەشکردنی کیرۆسین بۆ دوو مانگ لە نرخەکانی ئێستا بۆ کەمتر لە نیوەی ٨٠٠٠٠ خێزانی زیان بەرکەوتوو کە لە هەرێمی کوردستانی عێراقن و ٤٧٠٠ خێزانی ئاوارەی سوری. لە ساڵەکانی پێشوو کۆمەکیەکانی بەنزین دابین کرابوون بۆ چوار مانگی زستان بۆ خێزانە زیان بەرکەتووەکان.

# وەڵامدانەوەی مرۆیی

## ئاو و پێداویستی تەندروستی و خاوێنکەرەوە

پێویستیەکان:

- نەبوونی ئەمن و ئاسایش لە تەواوی چالاکیەکانی ئاوئاوەڕۆ لە پارێزگای ئەنبارلە شاری هیت و قەزاکانی دەوروبەر لە ڕۆژی ٧ی ئۆکتۆبەر.

وەڵامدانەوە:

- گروپەکە ئاوی سەلامەتی دابین کردووە بۆ 377,706 خەڵك لە پارێزگای دهۆك، 11,170 خەڵك زیادی کردووە لە هەفتەی پێشوو و 59,163 خەڵك لە پارێزگای هەولێر، 1,000 خەڵك لە هەفتەی پێشوو زیادی کردووە. لە پارێزگای سلێمانی 33,164 خەڵك ئاوی سەلامەتیان بۆ دابین کراوە، کە 2,130 خەڵك لە هەفتەی پێشوو زیادی کردووە.

- خاوێنکردنەوە بۆ 128,576 خەڵك لە پارێزگای دهۆك دابین کراوە، 11,763 خەڵك لە هەفتەی پێشوو زیادی کردووە. لە پارێزگای هەولێر 13,355 خەڵك دەستیان دەگات بە خاوێنکردنەوە، 4,600 خەڵك لە هەفتەی پێشوو زیادی کردووە، لەوکاتەی لە پارێزگای سلێمانی 5,360 خەڵك دەستیان پێ گەیەنراوە بە ئاسانکاریەکانی خاوێنکردنەوە، 2,130 خەڵك زیادی کردووە لە ماوەی ڕاپۆرتی پێشوو.

- بەرزکردنەوەی هۆشیاری لەبارەی پێداویستی خاوێنکردنەوە بۆ 216,813 خەڵك لە پارێزگای دهۆك دابین کراوە، 10,447 خەڵك لە هەفتەی پێشوو زیادی کردووە. لە پارێزگای هەولێر 34,651 خەڵك دەستیان پێ گەیەنراوە بە بەرزکردنەوەی هۆشیاری چالاکیەکانی پێداویستی خاوێنکردنەوە، 1,000 خەڵك لە هەفتەی پێشوو زیادی کردووە. لە پارێزگای سلێمانی 25,385 خەڵك دەستیان پێ گەیەنراوە بە بەرزکردنەوەی هۆشیاری پێداویستی خاوێنکردنەوە، 5,110 خەڵك لە هەفتەی ڕابردوو زیادی کردووە.

- 3,250 ئاوارە 2,700 دەستە سابون لە غەماس بۆیان دابین کراوە ، قەزایەکی بچووکی دیوانیەیە لە پارێزگای قادسیە.
- دابین کردنی ئاسانکاریەکانی خاوێنکردنەوە لە نەجەف و کەربەلا کە سوودی گەیاندووە بە 2,123 ئاوارە.

بۆشاییەکان و سنورەکان:

- لە دوای گۆڕان لە خالێکی گرنگ بۆ ئاسانکاری پاککردنەوەکانی ئەمن و ئاسایش بۆ ناوچەکانی زیانبەرکەوتووی ململانێ لە باشور، لەوانە پارێزگای ئەنبار، ڕێ و شوێنەکانی پاککردنەوە دووچاری دواکەوتن دەبنەوە و کاریگەری دەخاتە سەر لێهاتوویی وەڵامدانەوەی مرۆیی.
- سنورداریەکانی ئاسایش لەسەر شەقامەکان و بەردەوامی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکانیش کاریگەریان دەبێت لە توانای وەڵامدانەوەی مرۆیی.

## ئاسایشی خۆراك

پێویستیەکان:

- ئامانجی هاوکاری خۆراك بە سەقامگیری ماوەتەوە لە ١,٨ ملیۆن خەڵك بە درێژایی ماوەی ڕاپۆرتەکە. هەرچەندە، ئاوارەبوونی ٣١٠٠٠ خێزان لە پارێزگای ئەنبار لە شاری هیت و قەزاکانی دەوروبەر لەوانەیە کاریگەری بخاتە سەر وەڵامدانەوەی گروپەکە.

وەڵامدانەوە:

- لە نێوان مانگی حوزەیران و مانگی ئەیلولی ٢٠١٤، گروپەکە دەستی گەیشتە نزیکەی ١,٤ ملیۆن خەڵك بە هاوکاریکردنی خۆراك و بەسەرکەوتوویی خۆراك دەگەیەنێت و دابەشدەکات لەسەرتاسەری ١٣ پارێزگا لە ١٨ پارێزگاکەی عێراق. فریاگوزاری خۆراك دەستی دەگات بە دانیشتووانی زیان بەرکەوتوو و خەڵکانی ئاوارە لە پارێزگاکانی دهۆك و هەولێر و سلێمانی و کەرکوك و دیالە و نەجەف و موسڵ و کەربەلا و بابل و موثنی و واسیت و ئەنبار و زیقار.

بۆشاییەکان و سنورەکان:

- دەست گەیشتن بە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی گروپە چەکدارەکان ئەستەمە و دابین کردنی هاوکاری خۆراك لە ڕێگای هاوکارانی ناوخۆ لە هەردوو تایبەتمەند و بەهەلوەرگرتن. بە تەنها لە پارێزگای ئەنبار ٤٠٠٠٠٠ ئاوارە هەن کە هاوکارانی مرۆیی دەست گەیشتنی سنورداریان هەیە بۆیان.

## شوێنی نیشتەجێبوون و کەل و پەلەکانی کە ناخۆراکین

پێویستیەکان:

- 390,000 ئاوارە هەن کە پێویستیان بە هاوکاری شوێنی نیشتەجێبوون هەیە لە هەرێمی کوردستانی عێراق. لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان، لەسەدا ٦٣ی کە دەکاتە زیاتر لە ٨٥٠٠٠٠ ئاوارە لە شاری دهۆکن، لەسەدا ٢٠ی ئەو ئاوارانە لە هەولێر و لەسەدا ١٧ لە شاری سلێمانین. لە باشور و ناوەڕاستی پارێزگاکان ٢٦٠٠٠٠ ئاوارە هەن کە پێویستیان بە هاوکاری شوێنی نیشتەجێبوون هەیە. ٦٠٠٠٠ ئاوارە لە کەمپەکان نیشتەجێ دەکرێن و ٦٠٠٠٠ ئاوارە ڕەشمالی نیشتەجێبوون و بۆیان دابین دەکرێت لە دەرەوەی دانانی کەمپەکانی فەرمی. ١٤٠٠٠٠ ئاوارەی تر داوای چاککردنەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی کاتی خۆیان دەکەن.

- نزیکەی ٤٨٠٠٠٠ ئاوارە پێویستیان بە هاوکاری وەرزی زستانە هەیە لە هەرێمی کوردستانی عێراق. لەوکاتەی کە ١٢٠٠٠٠ ئاوارەی تر داوای هاوکاری وەرزی زستانە دەکەن لە پارێزگاکانی باشور و ناوەڕاستی عێراق. وەڵامدانەوە پێشبینی دەکرێ بۆ ناردنە ناوەوەی پێداویستیەکانی وەرزی زستانە، جل و بەرگی زستانە، پێداویستی نێوانکردنی ڕەشماڵ، ماددەی جیاکردنەوەی زەمینی و پێداویستیەکانی چاککردنەوەی نیشتەجێبوونی کاتی.

وەڵامدانەوە:

- هاوکارێکی گروپ کۆتایی دێنێت بە پسوولەکانی برەکان، بەڵگەنامەیەك کە بەکاردێت بۆ تەندەرەکان لە پێشەسازی بنیاتنان کە ماددەکان و بەشەکان و کرێکار و تێچووەکانیان بە تێروتەسەلی باسکراون، بۆ ١٨٠ سەنتەرەکانی کۆکردنەوە لە نەجەف و کەربەلا.

- لە بەغدا، ٣٣ سەنتەری کۆکردنەوەی ئاوارەکان دەکرێنەوە، کە 3,418 ئاوارە لەخۆ دەگرێت. لە پارێزگای بەسرا، یەك سەنتەری کۆکردنەوەی ئاوارە کراوەتەوە کە 800 ئاوارە لەخۆ دەگرێت. لە پارێزگای دهۆك ٤ کەمپ کراونەتەوە و 17,022 ئاوارە لەخۆ دەگرن. لە پارێزگای دیالە، کەمپێك کراوەتەوە و 7,942 ئاوارە لەخۆ دەگرێت. لە پارێزگای هەولێر، یەك سەنتەری کۆکردنەوەی ئاوارە کراوەتەوە و کەمپێك کراوەتەوە و 6,306 ئاوارە لەخۆ دەگرێت. لە پارێزگای موسڵ، یەك کەمپ کراوەتەوە و 2,671 ئاوارە لەخۆ دەگرێت. لە پارێزگای سلێمانی کەمپێك کراوەتەوە و1,161 ئاوارە لە خۆ دەگرێت.

- لە بەغدا دوو کەمپ لەژێر پەرەپێدان دان. لە بەسرا یەك کەمپ لە ژێر پەرەپێدان دایە لەگەڵ توانایەکی پلان بۆدانراو لەبارەی 6,000 ئاوارە. لە شاری دهۆك، ١٢ کەمپ لە ژێر پەرەپێدان دان، لەگەڵ توانایەکی پلان بۆ دانراو بۆ 146,550 ئاوارە. لە پارێزگای دیالە، یەك کەمپ لە ژێر پەرەپێدان دایە لەگەڵ توانایەکی پلان بۆ دانراو بۆ 4,400 ئاوارە. لە پارێزگای هەولێر، چوار کەمپ لە ژێر پەرەپێدان دان لەگەڵ توانای پلان بۆ دانراو بۆ 13,300 ئاوارە. لە پارێزگای موسڵ، کەمپێك لە ژێر پەرەپێدان دایە لەگەڵ توانایەکی پلان بۆ دانراو بۆ 7,650 ئاوارە. لە سلێمانی، چوار کەمپ لە ژێر پەرەپێدان دان بە توانایەکی پلان بۆدانراو بۆ 16,800 ئاوارە.

- لە شاری دهۆك، ئەگەری سێ شوێنی کەمپەکانی ئاوارەکان هەیە، بە توانایەکی لێکدراوی لەخۆگرتنی زیاتر لە ٤٠٠٠٠ خەڵك کە هەڵسەنگاندنیان بۆ کراوە بۆ شیاویان.

- لەگەڵ دەستپێکی وەرزی زستان لە مانگی داهاتوو، شوێنی ئاوارەکان لە سیستەمی بەدواداچوونی ئاوارەکان کە پلەکانی گەرمای خستویەتیە ناو نەخشەکە بۆ ساردترین مانگەکان و هەروەها لەوانە جۆری جیاوازی شوێنی نیشتەجێبوون کە بەکارهێنراون لەلایەن ئاوارەکان بۆ یارمەتی دانی مەبەستەکانی پلاندانانی وەرزی زستانە.

بۆشاییەکان و سنورەکان:

- نیگەرانیەك هەیە لەبارەی هەبوونی زانیاری تەواو لەسەر ئاستی شوێن لە ڕووی قەبارەی دانیشتووان، پێویستیەکان، هاوکاری وەرگیراو و مەبەستەکان. هەڵسەنگاندنی خێرای شوێنەکە لەلایەن گروپی بەڕێوەبردنی کەمپ و هەماهەنگی کەمپ و فرە گروپی دەست گەیشتن بە هەڵسەنگاندنی پێویستیەکان دەبێت ڕوونکردنەوەیەکی زیاتر بدەن لەو کێشانە.

- لەبەرچاوگرتنەکانی سەلامەتی و ئاسایش و پاراستن پێویستە لە ئەستۆ بگیرێن لەگەڵ سەبارەت بە دابین کردنی هاوکاری بۆ ئاوارەکان لە باڵەخانە تەواونەکراوەکان، کە پێك دێت لە سەلامەتی کەسی بۆ ئاو و خاوێنکردنەوە.

- هەموو هاوکاران پەلەیان لێکراوە لەگەڵ پەیوەندی فریاگوزاری پارێزگا یان بەلایەنی کەمەوە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ناوەخۆ لە قەزاکە کە ئەوان کاری لەسەر دەکەن.

- زانیاری لەبارەی کە کێ چی دەکات ولە کوێ لە ڕووی دەرەوەی هاوکاری نیشتەجێبوونی کەمپ کە داواکراوە لەسەر ئاستی قەزاکە. گروپەکە هەڵدەستێ بە ڕۆڵگێران لە چالاکی زانیاری سەر هێڵ دواتر لەم مانگەدا بۆ دابین کردنی دەست گەیشتنی زانیاری بەشێوەیەکی ئاسان. ڕاهێنان لەسەر ئەم ئامێرەش پێشکەش بکرێت.

- دانیشتووانی ئاوارە بەشێوەیەکی زۆر گەڕۆکن و لە هەفتەکانی داهاتوودا دەگوازرێنەوە بۆ کەمپەکانی ناو پارێزگای دهۆك و ئاگاداریە پێویستەکان ئامۆژگاری دەدەن کەوا دووربکەونەوە لە دووبارەبوونەوە و بەفیرۆدانی بە دوورکەوتنەوە لە فرێدانی کەل و پەلەکان.

- پارێزگاری حکومەت بۆ ڕاگرتنێکی کاتی لەسەر دەرکردنی ئاوارەکان لەوانەیە بۆ شەش مانگ لە باڵەخانە گشتیەکان و شوێنەکانی تری هاوشێوەی حەوانەوەی ئاوارەکان پێشنیارکراوە.

- زۆربەی خاوەنی باڵەخانەکان ڕێگە نادەن کەوا کاری نوێ جێبەجێ بکرێت لەسەر باڵەخانە تەواونەکراوەکانی کە ئاوارەکان لەخۆ دەگرن. گروپەکە هەماهەنگی دەکات لەگەڵ حکومەت بۆ ئەگەری بەکارهێنانی باڵەخانە تەواونەکراوەکان بۆ شەش مانگی کاتی بۆ ڕێگەدان بە نوێکردنەوەکان .

- هەرچەندە پێنج کەمپی تر پلانیان بۆ دانراوە بە توانای لەخۆگرتنی 120,000 ئاوارە، چارەسەریەکانی شوێنی حەوانەوەی زیاتر هێشتا پێویستن بۆ 46,000 ئاوارە لە هەرێمی کوردستانی عێراق

## تەندروستی

پێویستیەکان:

- دابین کردنی چاودێری تەندروستی سەرەتایی و ناوەندی و دەرمانەکانی ڕزگارکردنی ژیان.

- هەڵمەتەکانی کوتانی چروپڕ بۆ زیاتر لە سەدا ٨٥ی کە دەیگرێتە خۆی لە ئامانجی ٥,٧ ملیۆن منداڵ کە تەمەنیان لە خواروی پێنج ساڵەوەیە، لەوانە کوتانەکان بۆ هەردوو ئیفلیجی و سۆریکە.

- دەست گەیشتن بە تەندروستی ئافرەتانی دووگیان و لەدایکبوون بۆ ئاوارەکان، ئاوارە سوریەکان و کۆمەڵگا خانەخوێکان.

وەڵامدانەوە:

- گروپەکە هاوکاری وەزارەتی تەندروستی دەکات لە گەیاندنی شەش تەن لە کۆمەکیەکانی دەرمان لە ناو شاری دهۆك و گەرمیان، لەوانە دەرمانەکانی نەخۆشی شەکرە، زەخت و هەوکردنی کۆئەندامی هەناسەدان بە شێوەیەکی تیژ و نەخۆشیەکانی پێست.

- هاوکارێك دەستی کرد بە ئاسانکاری چاودێری تەندروستی سەرەتایی بۆ خزمەتکردنی 7,560 ئاوارە لە زاخۆ، لە پارێزگای دهۆك.

- لە ڕۆژی ٢ی ئۆکتۆبەر هاوکارێك دوو ئۆتۆمبێلی فریاکەوتنی نارد بۆ گواستنەوەی ئاوارە نەخۆشە ڕەوانەکراوەکان بۆ نەخۆشخانەکانی شاری دهۆك.

- لە هەفتەی ڕابردوودا، 838 ڕاوێژکاری پزیشکی کراوە بۆ 1,110 خێزانی ئاوارە کە لە ناو باڵەخانە تەواونەکراوەکان دەژین لە ناو پارێزگای دهۆك لە دابین و سمێل، لەلایەن هاوکارەوە بۆیان دابین کراون. هاوکارێکی تر ٣٥٠ ڕاوێژکاری جێبەجێ کرد لە پارێزگای دیالە لە کەمپی ئاوارەکانی خانەقین و ٢٢٧ ڕاوێژکاری بۆ ئاوارەکان لە کەمپی ئاوارەی عەربەت لە پارێزگای سلێمانی.

بۆشاییەکان و سنورەکان:

- نەبوونی ئەمن و ئاسایش دەبێتە ڕێگر لەبەردەم دەست گەیشتن بۆ پارێزگاکانی زیانبەرکەوتووی ململانێ، وەکو ئەنبار و کەرکوك و سەڵاحەددین و دیالە.

- بۆ وەرزی زستانە، گروپەکە دەستنیشانی دەرمانە زۆر پێویستەکان دەکات و پلان دادەنێت بۆ زیادکردنی ژمارەی نۆرینگە گەڕۆکەکان و بەهێزکردنی ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن بۆ میکانیزمەکانی نەخۆشە ڕەوانەکراوەکان.

## پاراستن

پێویستیەکان:

- ئاوارەکان بە ئەستەمی دەبینن بۆ جێگرتنەوە یان بەدواداچوون بکەن بۆ بەڵگەنامە زۆر پێویستەکان، وەکو پاسەپۆرتەکان و بیتاقەی خۆراك و سیستەمی دابەشکردنی گشتی، بڕوانامەکانی ڕەگەزنامە و ناسنامەکانی باری شارستانی. خەڵکی ئاوارە هەڵبژاردەی کەمیان لەبەردەست دایە بۆ جێگرتنەوەی بەڵگەنامە زۆر گرنگەکان لەدەرەوەن بۆ گەڕانەوە بۆ پارێزگاکانی زێدی خۆیان. نووسینگەی تایبەت دامەزراون لە بەغدا و نەجەف بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانی جێگرەوەی بەڵگەنامە. هەرچەندە، هەڵوەتەی جوگرافی تەحەددای تایبەت دێنێتە پێشەوە بۆ ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق، زۆربەی ئەوانەی کە ناتوانن پارەی تێچووی گەشت بدەن. بەبێ بەڵگەنامەی داواکراو ئاوارەکان ڕێگەیان لێ گیراوە بە سوودوەرگرتن لە خزمەتگوزاریەکانی حکومەت و ژمارەیەك لە مافەکانی تری باری شارستانی.

وەڵامدانەوە:

- هەڵسەنگاندنەکانی چاودێری کردنی پاراستن بەردەوامە بە لە خۆگرتنی 416,220 کەس کە دەکاتە (64,633 خێزان) جێبەجێ کراون لەوەتەی مانگی شوباتی ٢٠١٤. لەو ژمارەیە 12,445 حالەت سەلمێنراون بۆ هاوکاری پارەی کاش، 18,629 حالەت هاوکاری یاساییان وەرگرتووە و ڕەوانەکردنەکان جێبەجێ کراون بۆ 6,676 خەڵك کە خاوەن پێداویستی تایبەتن.

بۆشاییەکان و سنورەکان:

- پێویستیەك هەیە بۆ هەماهەنگی گەورەتر لە ناوەند و باشووری پارێزگاکان بۆ باشتر کردنی هاوکاری مرۆیی و وەڵامدانەوەکانی پاراستن.
- پێویستی بەپەلە بۆ هاوکاری پارەی کاش بۆ ئاوارەکان و کۆمەڵگا زیان بەرکەوتووەکانی تر هاوسەنگ کراون لەبەرامبەر ئەو پاڵپشتیە داراییەی کە لەبەردەستدایە، بەتایبەتی لە جیاتی نزیکبوونی ماندووکردنی کۆمەك بەخشینی ٥٠٠$ دۆلاری ئەمەریکی لەلایەن مەملەکەتی عەرەبی سعودی.

## پەروەردە

پێویستیەکان:

- هەروەك لە ٣٠ی ئەیلول، ئاوارەکان ٤٣٥ قوتابخانەیان داگیرکردبوو لە پارێزگای ئەنبار، ٦٩ قوتابخانە لە پارێزگای دیالە، لەگەڵ ١٣٧ قوتابخانەی تری داگیرکراو لەلایەن گروپە چەککدارەکان. لە بەغدا ٢٩ قوتابخانە داگیرکراون یان زیانیان بەرکەوتووە بەهۆی ئۆپەڕاسیۆنە سەربازیەکان. لە پارێزگای دهۆك ٥٠١ قوتابخانە لەلایەن خێزانە ئاوارەکان داگیرکراون و ١٢٥ قوتابخانە بەم دواییە چۆڵکران. بەو دەرەنجامەش دەستپێکی ساڵی ئەکادیمی ٢٠١٤/٢٠١٥ بە شێوەیەکی ئاسایی خشتەی بۆ دانراوە لە مانگی ئەیلول، دواخراوە.

وەڵامدانەوە:

- 5,958 قوتابی کە دەکاتە (2,807 سەرەتایی و 1,368 دواناوەندی و 1,783 ناوەندی) تۆمارکراون بۆ ڕۆڵگێران لە حەوت قوتابخانە ڕەشماڵیەکان لەسەر شەقامی پێکەوە بەستراوی نەجەف و کەربەلا لە قەزای حەیدەریەی پارێزگای نەجەف.

بۆشاییەکان و سنورەکان:

- هاوکارانی گرووپ خۆیان ئامادە دەکەن بۆ دابین کردنی قوتابخانە ڕەشماڵیەکان وەکو بەشێك لە پرۆگرامدانانی وەرزی زستانە.
- ڕوونکردنەوەکان بۆ تۆمارکردنی منداڵە ئاوارەکان بۆ ناو قوتابخانەکانی ئێستا داواکراوە لە حکومەتی عێراق. گرووپەکە بەردەوام دەبێت لە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە بۆ ڕوونکردنەوەی هێڵەرێبەریەکان بۆ ئەوەی دابمەزرێت بۆ ئاوارەکان و قوتابیە ئاوارەکان تاوەکو دەست بە خوێندن بکەن لە قوتابخانەکان بە زمانی عەرەبی.

## کەل و پەلەکان

پێویستیەکان: .

- هەندی لە کەل و پەلەکان لەلایەن بەخشینەکانی دوولایەنە وەرگیراون لەسەرەتای ئەم مانگە بە کۆنەکراوەیی دەمێنێتەوە لە کۆگای فریاگوزاری گرووپەکە لە هەولێر. بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخەری هەماهەنگی و کاروباری مرۆیی ئۆتچا و بەرپرسانی حکومەت، کۆمەکیە پزیشکیەکان نێردران لە ڕۆژی ٩ی ئۆکتۆبەر بۆ وەزارەتی تەندروستی و هاوکاران.
- هاوکاران داوایەکان ڕادەست دەکەن بۆ خەزنکردن لە کۆگای دهۆك لە خۆ ئامادەکردن بۆ دابەشکردنەکانی وەرزی زستانە. هەرچەندە بڕە تەواوەکان دەستنیشان نەکراون لەلایەن هاوکاران، گرووپەکە ئۆپەراسیۆنەکانی زیاد دەکات بۆ داواکاری زیاتر بە درێژایی خەزنکردنی ماوە کورت.

بۆشاییەکان و سنورەکان:

- بەهۆی باشتربوونی کەل و پەلەکان لەلایەن هەندێ لە هاوکاران لە کۆگای دهۆکی گرووپەکە، شوێنێك هەیە بۆ هاوکارانی تر خۆیان ئامادە دەکەن بۆ پرۆژەکانی وەرزی زستانەیان کە بەستراوەتەوە.
- کەل و پەلەکان لە کۆگای هەولێری گرووپەکە بۆ وەڵامدانەوەیەك لە ئەلعەلەم وەستێنراون بەهۆی ئەستەمیەکانی دەست گەیشتن. ئۆپەراسیۆنی پلان بۆ دانراوی مرۆیی دواخراوە بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێك. گرووپەکە لە گفتوگۆدایە لەگەڵ ڕێکخراوە زیان بەرکەوتووەکان بۆ گەڕاندنەوەی بارهەڵگرەکەیان.

## گرووپی پەیوەندیە فریاگوزاریەکان

پێویستیەکان:

- کۆمەڵگای مرۆیی لە عێراق داوای فریاگوزاری تەکنەلۆجیای زانیاری و خزمەتگوزاریەکانی پەیوەندی دوورە دەست لە گرووپەکە دەکات. دابین کردنی خزمەتگوزاریەکانی ڕادیۆ لە شارە گەورەکان ئاسایشی ستافی مرۆیی باشتر دەکات، لەوکاتەی دابین کردنی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت لە کەمپەکان ڕێگە دەدات بۆ گفتوگۆ و هەماهەنگی بەڕێوەبردنی کارەکان بە شێوەیەکی کاریگەرتر.

وەڵامدانەوە:

- تۆڕی ئینتەرنێتی بێ تەل دابەشکراوە بۆ هەموو ڕێکخراوە مرۆییەکان لە کەمپی دۆمیز لە دەرەوەی شاری دهۆك. تۆڕی ئینتەرنێتی بێ تەل لە ماوەیەکی نزیك لە کەمپی ئاوارەی عەربەت لە دەرەوەی شاری سلێمانی چەسپ دەکرێت.
- تۆڕی ڕادیۆ لەسەر لەرلەری VHF بۆ ڕێکخراوە ناحکومیەکان تەواوکراوە و بەم نزیکانە دەست بەکاردەبێت لە دهۆك و سلێمانی.

- داواکاریەکانی هەڵسەنگاندنەکانی مرۆیی تەکنەلۆجیای زانیاری لە کەمپەکانی سمێل و شێخان لە نزیک شاری دهۆك تەواوبوون. هیچ خزمەتگوزاریەکی تەکنەلۆجیای زانیاری داوا نەکراون یان لە کەمپ وەکو کەمپی سمێل کە بەڕێوەچووە لە کەمپی دۆمیز و کەمپی شێخان هێشتا تەواو نەکراوە.

- ڕاهێنانی ڕادیۆ بۆ کارمەندانی نەتەوە یەکگرتووەکان دابین کراوە و ئەم ڕاهێنانە لەبەردەستە بۆ هاوکارانی مرۆیی لەکاتی داواکردن.

بۆشاییەکان و سنورەکان:

- خزمەتگوزاری ڕادیۆ لە ناوچە سەرەکیەکانی کارکردن، وەکو شارەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق وەکو هەولێر و دهۆك و سلێمانی سنوردارن بۆ ڕێکخراوە ناحکومیەکان. خزمەتگوزاریەکانی ڕادیۆی UNAMI لەبەردەستدان تەنها بۆ ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە شێوەی ژمارەیی، لەوکاتەی زۆرینەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان سیستەمەکانی ئەنەلۆگ بەکاردەهێنن.

- ئێستا گروپەکە تەنها دەستی دەگات بە چوار لەرلەری دووانی کە گروپەکە سنوردار دەکات تەنها توانای هەبێت بۆ ناردنی چوار کەناڵی ڕادیۆی VHF لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستانی عێراق. ئەمەش سنورێك دادەنێت بۆ ژمارەیەك شوێن لەوەی کە خزمەتگوزاریەکانی ڕادیۆ دەتوانرێ بنێردرێ بۆ دوو کەناڵ. ئەمەش مانای وایە کە ڕێکخراوە ناحکومیەکان و کۆمەڵگای نەتەوە یەکگرتووەکان تەنها دەتوانن یەك کەناڵیان هەبێت هەریەکەیان.

**زانیاری لەسەر قەیرانەکە**

لەوەتەی کەوتنی موسڵ لە ٩ی حوزەیران، گروپە چەکدارەکانی ئۆپۆزسیۆن، لەوانە بەعسیەکان، میلیشیا عەشایریەکان و ئەندامانی پێشووی ڕژێم / سەربازی، شان بە شان لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و ڕۆژهەڵاتی عەرەبی، ڕووبەرێکی فراوانیان لە پارێزگاکانی عێراق کۆنترۆڵکردووە لەوانە موسڵ، سەلاحەدین و دیالە. شارەکانی موسڵ و تکریت و تەلعەفەر و بێجی و قوایەرە و سنجار و سلێمان بەگ و ڕەشید و حەوێجە و ڕیاز و فەلەجە و سەقلاویە، ئێستا لەژێر کۆنتوڵی گروپە چەکدارەکانی بەرهەڵستکاران دان. لەوەتەی مانگی ١ ڕووبەرێکی زۆری ئەنبار لە ژێر کۆنترۆڵی داعش دایە. ئەمەش بووە هۆی ئاوارەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی ناوخۆی عێراق. ئێستا عێراق بە گەورەترین دانیشتوانی ئاوارەبووی ناوخۆ لە هەموو جیهان دادەنرێت؛ زیاتر لە 1.8 ملیۆن ئاوارەبووان هەن لەوەتەی مانگی ١ی ئەم ساڵ.

بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بکەن بە:
باربەرا مانزی، سەرۆکی نووسینگە، manzi@un.org,
+964 (0) 750 312 9201 مۆبایل عێراق:

دەیڤد سوانسۆن، ئەفسەری زانیاری گشتی، swanson@un.org
+964 (0) 750-377-0849مۆبایل عێراق

بەدوا داچوون بۆ ئۆتچا عێراق بکەن لە تۆری کۆمەڵایەتی تویتەر: @OCHAIraq

بۆ بە دەستهێنانی زانیاری زیاتر تکایە سەردانی ئەم ماڵپەرە بکەن: https://iraq.humanitarianresponse.info